# مه دا ليا ی ئاشتی له ئیدمنتۆن
# درا به ئێوا ر جه لا ل به رزنجی

**سەباحەت تاهیر**

کەنەدا

هێزی ئاشتی , هێزی خەڵکە . دروشمی ئەم ئاهەنگەی ئەو بەیاننیەساردەی شاری ئیدمنتۆنی کەنەدا بوو کە پلەی گەرمی بە (با)وەسی وپێنج پلە لەژێر سفر بوو, رۆژی 2006-11-24 لە بینایەی شارەوانی ئیدمنتۆن بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی وخەڵکێکی زۆر مەدالیەی زێرینی ئاشتی فرەکەلتوری شاری ئیدمنتۆن درا بە ئێوار جەلال بەرزنجی , بۆ ئەو رۆڵە بەرچاوەی دەیبینێ بۆ خزمەت کردنی ئاشتی وژیانی فرەکەلتووری لە ناو لاواندا لە ئیدمنتۆن, لە بەر ئەوەی ئێوار ئەمرۆژە بۆبەشداری کردن و پێشکەش کردنی بابەتێک لە کۆ نفراسی ئەنجوومەنی کەنەدا بۆکاروباری پەناهەندان بوو, کەواله شاری مۆنتریالی هەرێمی کیوباک بەڕێوە چوو ,نیگا جەلال لە جیاتی ئەو خەلاتەکەی کە لە لایەن سەرۆکی شارەوانی پێشکەش کرا, وەری گرت , نیگا, لە وتەیەکی کوورتدا وبەجلی کوردی گووتی:ئێمە وەک مرۆڤی کورد قەد لە ئاشتی دا نەژیاوین و ئاشتی هەمیشە خەن و خەیاڵ بووە بۆ ئێمە, ئێستا لەم ولاتە دەزانین تامی ئاشتی چییە بەلام لە گەڵ ئەوەش , لیەرەش جاروبار هەست دەکەین هەندیک بۆنی رێسیزم دێت هیوادارم ئاشتی لەهەموودنیادا بلاو بیتەومرۆڤ تیبگات کەهەمووما ن مرۆڤین, سەرەرای جیاوازی رەنگەکانی پیستمان وپیشینەی ئەتنیکی و ناشنالەتیمان. وەک ئاماژەم پیدا ئەم ئاهەنگە لەرۆژێکی زۆر ساردوو سەعات حەت ونیوی بەیانی بەریوە چوو.بەلام لە ناو هۆلەکە پلەی گەرمی 30 بوو, ئامادەبوان بە تیشێرتیکەوە دانیشتبوون !

